# ئەوە خێرە، دادوەرەکان لە دەرماڵەی هاوسەریی و منداڵ، بێبەش کراون؟!

دادوەر فاضل عباس رسول/ شەقڵاوە

وەکو دەزانین کە هەریەک لە حوکومەتی عێراق و حوکومەتی هەرێم بڕیاری زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانیان داو لەگەڵ چەند ڕێنماییەک بۆ ئەو مەبەستەی کە ئاستی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بگاتەوە بە ئاستی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندی عێراق فیدراڵ، ئەویش لە پاش چەندین مانگ کە ماوەیەکی زۆری خایاند تاوەکو گەیشتن بەو سیستەمە نوێیە، هەرچەندە لەگەڵ دەستخۆشی لێکردن لە هەردوو دەسەڵات لە بەغدا و لە هەولێر، بەڵام وەکو دەزانین بەرز کردنەوەی بڕی مووچە بۆ باشتر کردنی بژێوی ژیانی فەرمانبەرانە، بەڵام روون و ئاشکرایە بەو ئەزموونانەی پێشوو لە دوای راپەرینە شکۆمەندەکەی گەلەکەمان لە بەهاری (١٩٩١) لە کوردستان و لە دوای جەنگی رزگارکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) لەسەرتاپای عێراق نرخی کەلوپەل و خۆراک بەرزبۆتەوە بەشێوەیەک، کە فەرمانبەر نەتوانێت سوود لەو زیادە مووچەیە وەرگرێ لەبەر نەبوونی چاودێری بازرگانی یاخود نەبوونی پلان بۆ راگرتنی گەمە کردن بە بازاڕ، بە بیانووی بازاڕی ئازاد. راستە ئازادی لە هەموو شتێک تام و چێژێکی خۆی هەیە بەڵام هەموو شتێکیش سنووری خۆی هەیە کە پێی دەوترێت جێفشار، کە لە رادەی خۆی دەرچوو سروشتی خۆی دەگۆڕێ و شوێنەواری خراپ بەجێدەهێڵێت بۆیە داواکارین لە هەردوو حکومەت چ ناوەندی چ هەرێم، کە هاوسەنگی لە نێوان ئاستی مووچە و نرخی خۆراک و کەلوپەل لە بازاڕ راگرن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر حکومەت بڕیاری داوە کە دەرماڵەی هاوسەری



منداڵ کاری پێ بکرێت کە ماوەی چەندین ساڵ بوو کاری پێنە دەکرا ئەوساش کە کاری پێدەکرا هەر لەسەر سیستەمە کۆنەکە بوو کە بڕی (دوو دینار و نیوی) چاپی سوویسری بوو بێگوێدانە ئەو گۆرانکارییانەی کە بەسەر کاڵاکاندا هاتبوو لە بازاڕ، ئێستاش کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەو ئاستی ئەو گۆڕانەی بازاڕ دانییە کە بۆ هاوسەربڕی پەنجا هەزار و بۆ منداڵ دە هەزار تاوەکو چوارەمین منداڵ، کە وەکو خۆمان دەزانین کۆمەڵگای ئێمە خێزانی وای هەیە لەو رادەیە زیاتر منداڵی هەیە مەگەر ئەوە تازە پێگەیشتووەکان بەو رادە کەمە منداڵیان هەبێت، بۆچی منداڵەکانی تر بێبەش بن لەگەڵ ئەوەی بڕەکە هێندە زۆریش نییە، ئەمەش بەهەرحاڵ لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە بێبەشکردنی دادوەرەکان و دادوەرانی ئەندامی داواکاری گشتی لە دەرماڵەی هاوسەر و منداڵ، ئایا بۆچی چی جیاوازییەک هەیە لە نێوان هاوسەر و منداڵانی فەرمانبەران و هاوسەر و منداڵانی دادوەران و دادوەرانی ئەندامی داواکاری گشتی؟ ئایا ئەوانیش وەکو ئەوان هاووڵاتیی پلەیەکی ئەو وڵات و هەرێمە نین یاخود وەکو یەک پێویستییان بە پشکی خۆیان نییە، کە بۆیان دیاری بکرێت یاخود چ هۆکارێکی تری لە پشتەوەیە کە بەو شێوەیە جودا بکرێتەوە. بۆیە داواکارین لە دەسەڵاتداران کە روونکردنەوەی پێویست بڵاو بکەنەوە دەربارەی ئەم خاڵە و بەیەک چاو سەیری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکەن خێزان و منداڵان هەمووی لەیەک ئاستن و پەیوەندی بە پلە و ئاستی فەرمانبەرەوە نییە.